# ملهوڕی دەسەڵاتی کوردی و
# جەربەزەیی رۆشنبیر...!

حەسەن جودی

لەم چواردەساڵەی دەسەڵاتی کوردیدا، ئاڵۆزترین گرێکوێرە، گرێی نێوان رۆشنبیر و دەسەڵاتە. ئێستا خەریکە بە رفاندن و شوێنبزرکردنی د. کەمال سەید قادر ئەو گرێکوێرەیە رێی کرانەوەی خۆی دەدۆزێتەوە، ئەوەی زەمینە بۆ کردنەوەی ئەو گرێکوێرە سامناکە دەرەخسێنێ دەسەڵات نییە، چونکە دەسەڵات بەدرێژایی ئەو ماوەیە لەسەر ملهوڕی خۆی بەرامبەر رۆشنبیر و تەواوی مەسەلەکانی دیکە بەردەوام بووە. بەڵکو ئەوەی سەرەداوی کردنەوەی ئەو گرێکوێرە دەستنیشان دەکات و دەرفەتی هەڵاوێردکردنی دەدات جەربەزەیی رۆشنبیر و هەڵوێستە پڕ لە جورئەتەکانێتی. د. کەمال بە هەڵوێستی جوامێرانە و پڕ لە بەرپرسیارێتی خۆیەوە توانی سەرجەم ئەو هەوڵە نیوەچڵ و نەرمونیان و شەرمنانە بگەیەنێتە ئاستێك لەڕووبەڕووبوونەوەی راستەوخۆ و بێباکانە، کە ساڵانێکە لە بەرامبەر ملهوڕی و بێخەمی دەسەڵات دەدرێت.

هەڵوێستە رووناکبیرییەکەی د. کەمال لە پانتایی رۆشنبیری کوردیدا، سەرلەنوێ بوونەوەرێکی وەك "رۆشنبیر"ی خستە ژێر شەستە بارانی پرس و تێڕامان و لێوردبوونەوە، تەنانەت پێناسەیەکی زۆر شەفاف و راستگۆیانەی بۆ "رۆشنبیر" خستەڕوو. مەگەر هەر کەسانی وەك شەهیدان "عەبدولخالق مەعروف و سەلاح هەوارمی" پێشتر ئەنجامیان دابێ. هەمیشە جەربەزەیی لەگیانێکی یاخی و رەخنەگرانە و راستگۆوە سەرچاوە دەگرێت. بەڵام ملهوڕی لە گیانێکی پێچەوانەوە سەردەردێنێ، ئەوەی زۆربەی رۆشنبیری ئێمە لێی بێبەریە، ئەو گیانەیە کە جەربەزەیی لێوە بەرهەم دێت.

د. کەمال بەر لەهەموو شتێك ئەو جەربەزەییەی بەرامبەر خودی خۆی نواند، وەك خودێکی رۆشنبیر، ئەمەش پێهەڵگرتنی یەکەم و هەرە گەورەی جەربەزەییە، ئەو خودە نەیخواست بەرامبەر ملهوڕی دەسەڵات ملهوڕ بێت، بەر لەوەی خوازیاری دادگاییکردنی دەسەڵات بێت، لەمیانەی دادگاییکردنی خودی خۆیدا – کە ئیدی نابێ لەمەودوا بێدەنگ بێت – خودی پانتاییەکی خەوتوو و شەرمن و کرێتی وەك رۆشنبیری کوردی دادگاییکرد، لەمەدا باش لەو راستییە پەراوێزخراوە تێدەگەین کە بەبێ خۆ دادگاییکردنی رۆشنبیران هەرگیز ئەو گرێکوێرە نابێتەوە کە ساڵانێکە لە نێوان دەسەڵات و رۆشنبیردا تا دێت کوێر و کوێرتر دەبێت.

پێم وایە رووداوی د. کەمال سەرەتایەکە بۆ کۆتاییهێنان بەو مەنگی و خەوخۆشییەی کە رۆشنبیر تێیکەوتووە. ئەگەرچی ئەمڕۆ وەك رووداوێك شرۆڤە دەکرێت، وەلێ مسۆگەر لە داهاتوودا وەك دیاردە و پێهەڵگرتن پێناسە دەکرێت. دیاردەیەك بۆ پێنانە دەروازەی رێنیسانس و رۆشنگەری، پێهەڵگرتنێك بۆ شۆڕشێکی ویژدانی و زیهنی، کە ئەرکی هەرە لە پێشینە و درێژخایەنی ئەو بوونەوەرەیە کە زەمەنێکە خۆی ونکردووەو دەسەڵات ناسنامەکەی لێ زەوتکردووە و بەدوای سیمای تێکچڕژاوی خۆیدا دەگەڕێ. هەڵبەتە گرەوی بردنەوەی ئەو جەربەزەییە لەخۆ دیتنەوەی ئەو بوونەوەرە "رۆشنبیر"دا بەرجەستە دەبێت، د. کەمالیش ئەو زەمەنەی تێکشکاند و میلی زەمەنێکی نوێ دەخولێنێ.

ئیدی ئازادی بۆ رۆشنبیری بەجەربەزە و ئازادیخواز.....